www.kurdistannet.org
15-2-2006 11:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کۆمەڵی ئیسلامی فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی و کاریکاتێریستێکی دانیمارکی دەدات

ئاسۆ: کۆمەڵی ئیسلامی بەمەرج فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی نووسەری کتێبی "سێکس و شەرع و ژن لە ئیسلامدا" و کاریکاتێریستێکی دانیمارکی دەدات.

زانا رۆستایی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بە رۆژنامەی ئاسۆی راگەیاند: کە کۆمەڵی ئیسلامی فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی داوە "ئەگەر حکومەت بەپێی شەرع سزای نەدات، یان ئەگەر مەریوان پەشیمان نەبێتەوە لە نوسینەکەی دەبێت بکوژرێ". وتیشی: فەتوای کوشتن ئەو کاریکاتێریستە دانیماركییەش دەگرێتەوە کە سوکایەتی بەپێغەمبەری موسڵمانان محەمەد (د.خ) کردووە.